بەریتانیا

# حةمةنامة (10) ... سآسمان عةبدوڵلآ يونس

لە ململانێی نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵاتدا، ئەوەی سەردەکەوێ، ئەوەیانە کەتوانیویەتی ڕەوایەتی خۆی لەو کێشمەکێشمەدا بە ئەوی دیکەلەلایەک و بەکۆمەڵانی خەڵک لەلایەکی دیکە بسەلمێنێ، سەلماندنی ڕەوایەتی زۆر جار بۆ دەسەڵات کارێکی ئاسانترە وەک لە ڕۆشنبیری، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە کە زۆربەی ساتەکان ڕەوایەتی و ماف و ڕاستیەکان، هەر بەڕاستی وان لەمشتی دەسەڵاتدا، نەخێر بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کەدەسەڵات هەم توانای بێ شوماری هەیە لە چەواشەکردندا و بەئاسانی ڕەشایی خەڵک بە دیسکۆڕسی [ گوتار ] ی دیماگۆجیانەی خۆی هەم فریو بداو هەم بە قازانجی بەرژەوەندیەکانی خۆی و سەرەنجامیش بردنەوەی ململانێکە لە هەموو ڕکابەرەکانی خۆی بەرۆشنبیریشەوە بێ دوو دڵی ڕابگەیەنێ.
دەسەڵات بەگشتی و نموونە ڕۆژهەڵاتیەکەی لەمەڕ خۆمان بەتایبەتی، هەمیشە چانسی بردنەوە، یان زۆر جار سەرکوتکردنی دیسکۆڕسی ڕۆشنبیریشی بەڕادەیەکی ترسناک لەدەستدایە، ئەمە لەحاڵێکدا کەڕەوایەتی ئەم نەک هەر بەهاوتا خۆرئاواییەکەی ناتوانرێت بەراورد بکرێت، بەڵکوو بەلێکدانەوە کلاسیکی و تێگەیشتنە شۆڕشگێڕیە تەمومژویە ڕۆژهەڵاتیەکانی لە مەڕ خۆشمان بەئەندازەکی زۆر هەم زۆر لەکورتی دەدات و هەم بەئاسانیش دەتوانرێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەی کەواتە لێرەدا هەقمانە بپرسین و لە پەرجوی ئەم چانسی سەرکەوتن و زاڵبوونەی دیسکۆڕسی دەسەڵات بەسەر تەواوی ڕکابەرەکانیدا، کەڕۆشنبیری بەهێزترینی ئەو ڕکابەرانەیە تێبگەین، لێرەدا ڕەنگە بوار نە بێت وەڵامێکی تێرو تەسەل بۆ ئەو پرسیارە ڕەوایە بەرجەستە بکەین، بەڵام دەتوانین ئامازە بەوەبکەین و بڵێین هەلوومەرجی نالەباری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و گرفتی زەق و زەوەندی ئابووری، کە نوزەی لەسەرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بڕیوەو، پیرۆزی ئایدۆلۆجیا بەگشتی و ئاین بەتایبەتی و وەهمەکانی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی، لەگرنگترین چەکەکانی دەستی دەسەڵاتن کەبەهۆیانەوە دەسەڵات لە خۆرهەڵاتدا هەمیشە توانیویەتی ڕەوایەتی دیسکۆڕسی خۆی ڕابگەیەنی و هەم چانسی زاڵبوون و سەرکوتکردنی ڕکابەرەکانی خۆی لەپێشەوەیاندا ڕۆشنبیری مسۆگەر بکات.
ئایا دیسکۆڕسی ڕۆشنبیری کوردی خاوەنی چ شوناسێکە؟ توانیویەتی بەو شوناسەی خۆیەوە، ڕکابەرێکی پۆزەتیڤی یان نێگەتیڤی دەسەڵاتی کوردی بێت؟ ئایا ململانێی ڕۆشنبیری کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەهەمان چەشن و خاسڵەتی پەیوەندیەکانی خۆرهەڵاتدا دەڕوات، یان کۆپیەکی کەمێک دەسکاری کراوی ئەو پەیوەندیەیە کە کلتوری کراوەتری ئەوروپا لەنێوان دوانەی مەعریفەو دەسەڵاتدا بەرهەمی هێناوە؟ ئایا بۆچی لە ململانێی نێوان مەعریفە و دەسەڵات لەخۆرئاوادا، شۆڕشی مەزنی فەڕەنسی یان شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی هەژدەو شۆڕشی تەکنەلۆجیاو گۆلۆبالیزم لەم چەرخەی ئێستادا و، ڕێبازە ڕەخنەیی و ڕووناکبیریە ناسراوەکانی وەکوو مۆدێرنێتە و دواتر پۆست مۆدێرنێتە، لەدایک دەبێ بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا دیسکۆڕسی ڕۆشنبیریمان، خراپ ترین شێوازەکانی ئەو پوەندیەش ناتونێ بەرهەم بهێنێ؟ دوو ڕیانێک لە پێش خۆیدا دروست دەکات، یا ئەوەتا دەبێتە یاخیەکی توشی چەپڕەوی منالانە بوو،

یان کۆیلەیەکی مەرایی کاری ئەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەر و ناتوانێ ڕێگای سێیەم لەبەردەم خۆیدا بکاتەوە؟
با لێرەدا جارێکی دیکەش ئەو شێوازە ڕەخنەیەی کاک حەمە سەعید حەسەن کاری لەسەر دەکات شرۆڤە بکەین، بزانین ئەو بەڕیزە کەلەدیارترین ئەو ڕەخنەگرانەیە کەئەمڕۆ زۆرترین خوێنەری لێ کۆبۆتەوە، چ ئەوانەی بەڕەخنەگری دڵخوازی خۆیانی دادەنێن یان ئەوانەی بە توندی ڕەتی دەکەنەوە و وەکوو پڕۆژەیەکی چەواشەکار ناوی دەنێن، با بزانین بەڕاستی خاوەنی پڕۆژەیەکی دروستی رەخنەگرانەیە یان ئەویش لەسەر پەرچە کرداری بێ بەرنامەو بنەمای میکانیزمی دژەکردار تێزە ڕخنەییەکانی خۆی بەرهەم دێنێ، ئەگەر تۆزێک زیاتر ورد بینەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەکاک حەمە سەعید حەسەن نەک هەر نەیتوانیوە، لە پڕۆژەی ڕەخنەکانی خۆیدا، پڕۆژەی ئاڵتەرناتیڤی خۆی وەکوو ڕەخنەیەک لەپڕۆژەکانی دەسەڵاتی کوردی بخاتەڕوو یان ڕەهەندە مێژوویی و بابەتیەکانی ئەو دەسەڵاتە بخاتە ژێر پرسیاری جدی وادا کە دەسەڵات ناچاری لانی کەمی بەخۆداچوونەوە بکات.
پڕۆژەیەک لەیەک وتاری بێدەسەڵاتی نامەعریفیانەدا، کە خۆی هەم وەکوو ڕۆشنبیرێکی یاخی و هەم وەکوو دەسەڵاتێکی پیرۆز لە یەک کات و ساتدا نمایش بکات و لەتەک پەلاماری دەسەڵاتدا، خۆی ببێتەوە بەدەسەڵات و پەلاماری دەست و پەنجەی هونەرمەندان و خولیای پیرۆزی ڕۆژنامەنوسان و بیر و قەڵەمی بەبڕشتی نوسەران و کڵکۆی بێ نازی شەهیدان بدات و ڕەخنەشی تەنها لە دروشمی سیاسی بکات، نەلەدەستی دێت پرسیار بوروژێنێ و نەدەکرێ وەکوو پڕۆژەیەکی دروست مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین دەرفەتی دیالۆگێکی بنیاتنەرانەش بەئەوانی دیکە دەدات.

slemanyunes@yahoo. co. uk